# شەپۆلی گەرمای بەهێز فەڕەنسای گرتەوەو بووە هۆی گیان لەدەستدانی نزیکەی 80 کەس



شەپۆلی گەرمای بەهێز کە لە مانگی حەوت فەڕەنسای گرتەوە بووە هۆی گیان لەدەستدانی نزیکەی 80 کەس.

تەندروستی گشتی فەڕەنسا پشتڕاستی کردەتەوە کە ئامارە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن 80 کەس بەهۆی شەپۆلی گەرماوە گیانیان لەدەستداوە کە لە نێوان 7 بۆ 13ی مانگی حەوتدا لە وڵاتەکەی دا.

شەپۆلی گەرما کاریگەری لەسەر 21 بازنەی لە 5 ناوچەدا کرد، ئەوانیش "ئاوڤێرنی - ڕۆن- ئەلپ - بورگونی - فرانچ- کۆنت - گراند - ئێست و پرۆفانس و ئەلپکوت، هەروەها دازور و کۆرسیکا"، کە تێیدا گیان لەدەستدان تۆمارکراوە، بەپێی ڕاگەیەندراوەکی ئاژانسی تەندروستی.

شایەنی باسە کە پلەی گەرما لە هەندێک شاردا 38 پلەی سیلیزی تێپەڕاند، لە کاتێکدا شەپۆلی گەرما لە 3 بۆ شەش ڕۆژ بەردەوام بوو، پێشبینی دەکرێت کە ژمارەی گیان لەدەستدان لە زیادبوون دەبێت ئەگەر شەپۆلی گەرما بەردەوام بێت لە فەرەنسا.